تره‌مپ هۆشداریده‌دات؛ داخستنی حکومه‌تی کاریگه‌ری به‌ وه‌ستریت دروستده‌کات

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا دوپاتیکرده‌وه‌ که‌ داخستنی حکومه‌تی فیدراڵی ده‌ستیکردوه‌ به‌ ده‌رخستنی کاریگه‌رییه‌کانی له‌سه‌ر بازاڕه‌ دارایییه‌کانی ئه‌مریکا و به‌تایبه‌تیش بازاڕی وه‌ستریت.

تره‌مپ له‌ میانی خوانێکی به‌یانیاندا له‌گه‌ڵ سیناتۆره‌کانی کۆماریيه‌کان ڕایگه‌یاند، داخستنی حکومه‌ت کاریگه‌رییه‌کی که‌می له‌سه‌ر بازاڕی به‌رسه‌ هه‌یه‌.

ئه‌مریکا ئه‌مڕۆ چوارشه‌ممه‌ چوه‌ ناو 36ـه‌مین ڕۆژی داخستنی حکومه‌ته‌وه‌ و ڕیکۆردی شکاند به‌ درێژترین په‌ککه‌وتنی بودجه‌ له‌ مێژوی ئه‌و وڵاته‌دا.

داخستنی حکومه‌تی ئه‌مریکا، له‌ 1ی (تشرینی یه‌که‌م/10)ی 2025 ده‌ستیپێکرد، کاتێك کۆماریيه‌کان و دیموکراته‌کان نه‌یانتوانی له‌سه‌ر پلانی خه‌رجکردنی کاتی ڕێکبکه‌ون به‌ ئه‌وه‌ی حکومه‌ت به‌ بودجه‌ی گشتی بمێنته‌وه‌.